


## دەسپێك:

مەسەلەی ئافرەت یەكێكە لەو مەسەلە گرنگ و زیندووانەی كەلە باسكردنیدا پێویستی بەشیتەلگردنی بابەتیانەو بنەوانكردنی ناوەڕۆك هەیە ،ئەوەش كارێكی ئاسانە لەدیدی یەكتایی و لەچوارچێوەی تەرزە هەمە لایەنەكەی ئیسلامدا ، كەڕێخەری پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی تاك و كۆمەلگەیە لەهەموو ڕەهەندو لایەنە ئاسۆیی و ستونیەكانیەوە . چونكە ئافرەت لەئیسلامدا بەو ژیری‌و توانایەوە كەهەیەتی خاوەنی خودێكی كاریگەرەو , هەروەها نیوەی كۆمەڵەو پەروەردەكاری نیوەكەی تریشێتی.

.

# پرینسیپی گشتی

لەڕابردویەکی نزیکدا هەندێ لەکتێبەکانی تەفسیر بەرەو ئەوە بەرێیان کردین , کەگوایە ئافرەت لەپەراسوی ئادەم دروست بووەو ئەو پەراسوەش لارەو دەکەوێتە لای چەپیەوە , ئەم تێڕوانینە هەندێ ستەمی لەشێوازی مامەڵەکردنی ئافرەت و پەروەردەکردنیدا هێنایەکایەوە , تا ئەو ڕادەیەی کەبە زەعیفی و کەم و کورتی مەحکوم بکرێ . هەرچەندە چەندین ئایەتی ڕوون و ئاشکرا مان هەیە کەباس لەدروست کردنی بونەوەر لەوپەڕی هاوسەنگیو تەواو کاری بێ کەم و کورتیدا دەکەن ﴿ هو االذی خلقکم من نفس واحدة و جعل منها زوجها لیسکن الیها فلما تغشاها حملت حملا خفیفا فمرت به فلما اثقلت دعوا الله ربهما لئن أتیتنا صالحاً لنکونن من االشاکرین ﴾ الاعراف/ 189

ئایەتێکی ڕوون و ئاشکرایە و هیچ جۆرە ئالۆزیەکی تیا نیە لە ڕوی ئەوەی لە بنە ڕەتدا خەلق لە (نفس واحدة) دروست بووە , نەك لە ڕەگەزی نێر , (نفس واحدة ) بەهەموو ئەو تایبەت مەندیانەی کە هەردوو ڕەگەز هەڵگرێتی , پاشان بەشێکی لێ جیادەبێتەوە و ڕەگەزی نێری لێ پەیدا دەبێت و بەشەکەی تری کە ڕەگەزی مێیە دەمێنێتەوە , پاشان لەکرداری پیتێندا مێیە دوو گیان دەبێت، ڕەگەزی مێ هەڵگری هەندێ لە پێکهاتەو هۆرمۆناتی نێرەن و ڕەگەزی نێرەش هەڵگری هەندێ لە پێکهاتەو هۆرمۆناتی مێیەن , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەلە بنەمادا ڕەگەزێکی دیاری کراو نیە . ﴿بعضکم من بعض ﴾ ال عمران/ 195 , لەم ڕوانگانەشەوە ئەو پەراسوە لارەی کەلاری لە دەرونی ئافرەتدا دروست کردووە بنەمایەکی نیە لە ئیسلامدا، بەڵکو ئەوە لە کتێبە شێوێنراوەکانی دیانەکاندا هاتووە , بۆیە پێویستە سەر لە نوێ پێداچوونەوەی سەرچاوەی زانیاری و بۆچون و گوتارەکانمان بکەین , تا نەستەم کاربین و نە ستەمیشمان لێ بکرێت .مەبەستیشمان ئەوە نییە کە سالاری ڕەگەزی مێ بەسەر ڕەگەزی نێردا بسەلمێنین , چونکە بەدیهێنەر مقوماتی سالاری دیاری کردوە ﴿ یاأیها الناس إنا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا إن أکرمکم عند الله أتقاکم﴾ حجرات/13

ئەرکی سەرشانی ئافرەتیشە کە ئەو کۆت و بەندە دەروونیو کۆمەلایەتیانەی گەردنی بشکێنێ و ڕێی بەشداری لە تێگەیشتنی زانستە فقهیەکان و تەفسیر دا بگرێتە بەر و کێباری پیاوان بکات لەکاری خێرو چاکە و بەخشین دا و زانستیانە هەوڵی حاڵی بوون و تێگەیشتنی زیاتر لە قورئان و سوننەت و ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەژنەکانی سەردەمیدا بدات , هەروەك چۆن ئافرەت توانی بە ئیرادەی ئازادو لێبڕاوانەی خۆی بچێتە بازنەی ئیسلامەوە، ئاواش دەتوانێ خۆی سنوری داخوازیەکانی پەروەردگار لەیێ و ئەو پلەو پایەو کارانەی لێی پەسەند دەکات بیانزانێت .

# پرنسیپە هەمە لایەنە چەسپاوەکان

عەقیدەی یەکتایی لەسەر چەند پرینسیپێکی گشتی و بایەخدار لەژیانی مرۆڤدا دادەمەزرێتو باوەڕ بەدادگەری تەوای پەروەردگار لە نێوان ژنو پیاووودا بەشێکی گرنگی ئەو عەقیدەیەیە .

## ❖ یەکسانی :

﴿ فاستجاب لهم ربهم أنی لا أضیع عمل عامل منکم من ذکر وانثی بعضکم من بعض فالذین هاجروا او اخرجوا من دیارهم و اوذوا فی سبیلي و قاتلوا و قُتلوا لأ کفرن عنهم سَیِئاتهم و لادخلنهم جنات تجری من تحتهم الانهار ثوابا من عند الله والله عنده حسن الثواب ﴾ ال عمران/195 . ئاشکرایە یەکسانی ژن و پیاو لەکارو, کۆچکردن و کێشانی ئەشکەنجەو دەربەدەریو جەنگ لە پێناوی خوادا , لەسەر بنەمای یەکسانی لەپاداشتدا دێت , ئەم یەکسانیەش بەرامبەر بەرپرسیارێتی و تەکلیفاتەکانە. ﴿ ثم توفی کل نفس ماکسبت و هم لا یظلمون ﴾ . ئافرەت بەرپرسە لەهەموو کارەکانی بەرامبەر پەروەردگار , هەروەها پیاوانیش , هەروەك ئەویش پەیمانی پاداشتی دراوەتێ گەرچاکە کار بێتو بەپێچەوانەشەوە پەیمانی سزاو تۆڵە گەر خراپە کاربێت , کەواتە پێودانگی کارەکانی ئافرەت بە هەمان پێودانگی

کارەکانی پیاو دەپێوڕێتو, هەموو ئەوانەی لەسەر فەرز دەکات کەلەسەر پیاوانی فەرز کردوەو , وەك یەك بەبێ ئەوەی جیاوازی بکات لەنێوانیاندا , تەنانەت لەو دەستەواژە قورئانیانەدا کە ئاڕاستەیان دەکات جیاوازیەك بەدی ناکرێت , تا ئەم ڕاستیە بوە حوکمێك لە حوکمە بڕێنراوەکان لە شەریعتی ئیسلامیدا : ( هەموو ئەوانەی پیاو موکەلەفە پێی ئافرەتیش موکەلەفە پێی)

﴿ وان المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات ......... اعد الله لهم مغفرة وأجرا عظيماً﴾ الاحزاب 35 . ئەمانە چەند دەقێکی گشتگیرو هەمەلایەنەن بۆ ئەو سیفەتو خەسڵەتە باڵایانەی کەسێك هەڵگریەتی لە ڕەوشت و ئاکار ....... , دەبینین ئایەتەکە بەو پەڕی یەکسانیەوە لەهەموو بوارەکانی کارو دەستخستنی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا وەك یەك گوتارەکەی ئاڕاستەی ژن و پیاو کردوە .( بەم جۆرە قورئانی پیرۆز بنەمای یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەئاست تەکلیف و پاداشتدا دیاری دەکات ) ئەمە پێوەرێکە بۆ وەك یەکی ئەرك و لێپرسراویەتی ژن و پیاو لەدونیاشدا، بۆیە دەبێت کرێ و پاداشتیشیان بەرامبەر ڕاپەڕاندن و بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانیان هەروەك یەك بێت .

## ❖ شورا :

﴿ وماعند اللة خيرو ابقى للذين امنو وعلى ربهم يتوكلون والذين يجتنبون كبائر الاثم واذا ماغضبوا هم يغفرون والذين استجابوا لربهم واقاموا الصلاة وامرهم شورى بينهم ﴾ الشورى 33ـ 35 . لەوردترین مەسەلەکانی خێزاندا پاش کۆمەڵگە پێویستە ڕاوێژ کردن هەبێت ﴿ فان اراد فصالا عن تراض منهما وتشاور فلا جناح عليهما ﴾ البقرة 131

شورا کارێکی سەرەکیە لەژیانی موسوڵماناندا و بنەمایەکە لەبنەماکانی ئاین لە ناوەوەی خێزانو دەرەوەیدا لە بونیادنانی کۆمەڵگەو پارێزگاری لە کیانەکەیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت .

## ❖ بەشداری :

﴿ والمؤمنون والمؤمنات بعضهم اولياء بعض يأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر ...... .﴾

فەرمان بەچاکەو نالە خراپە سنوری نیەو یاساو سستم و دەستوریش دەگرێتەوە , بەڵکو پشتگیری و پشتیوانی یەکتری هەموو ڕوویەکی بەشداری دەگرێتەوە , مادەم مەبەست سودوبەرژەوەندی گشتی بێت لەکارو باری دین و دونیادا , ئەوا ئافرەت بۆی هەیە کەبە لێپرسراویەتی کۆمەڵکە هەرلە سەرۆکایەتی کردنیەوە تادەگاتە ئیمامەت هەستێت و , مادەم دەقێکی ( قطعی دلالة ) شمان نەبێت کەڕێ ی لێ بگرێت و ژیانیش هەرلە لوتکەوە تا بناغەی عیبادەت وبەر پرسیارێتی وتەکلیفات بێ و, هەموان بەژن و پیاوەوە داخوازی چاکەو چاکسازی لێکرابێ و لێپرسینەوەی کەم تەرخمیەکانیان بکرێت و، بەشداریش لە هەموو شێوەکانیدا دەستخستنێکی ئاینێ ﴿ للرجال نصيب مما إكتسبوا و للنساء نصيب مما إكتسبن ﴾ ئەوا لەمپەرو ڕێگریك نیە کە ئافرەت دۆگما بکات و توشی وابەستەیی بکات , بەڵکو هەمووان بەپێی میتودێکی خوایی ڕەهەند ئاشکرا ڕێکخراونو ، هەرچی ئاڵۆزی و نامەفهومیەتێك هەیە کەلای هەندێك سەبارەت بەم ئایەتەو دەیان ئایەتی تریش کە دروست دەبێت ئەسڵ و بنەمایەکی تەواوی نیە وەك شێخ رەشید ڕەزا ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ( لەم ئایەتەدا خوای گەورە سەلماندی کە ئافرەت بۆی هەیە ولایەتی تەواوی موسڵمانان لە پانتاییە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەکی و یارمەتیدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و...... هەروەها ولایەتی جەنگ و سیاسیش بکات) .

## ❖ ئازادی :

﴿ لا اكراه فى الدين قد تبين الرشد من الغي ﴾ البقرة/256 , ﴿ افانت تكرة الناس حتى يكونوا مؤمنين ﴾ يونس 99 ئەگەر ئەمە لەسەر ئاستی عقیدە وابێ کە جیهان بەزۆرە ملێ و بەزەبری هێز مل کەچی خوا نەبون , بگرە خوای گەورە خۆی ئەوەی ناوێت گەر بەویست و ئیرادەی ئازادانەی مرۆڤەکان خۆیان نەبێت , لەبەر ئەوەی بەئازادی بەدیهێناون و هەر

به ئازادیش دەیەوێت ملکەچی بن ﴿ لست علیهم بمسیطر ﴾ الغاشیة/ 21 . تەنانەت بۆ پێغەمبەرو دەسەلاتێك نیە كە دەست بگرێ بەسەر ئەو ئازادیەداو پاوانی بكات , چونكە هەموو هەستێكی ڕاست وخۆشەویستی و پابوند بوون و پەیوەست بوونێك دەبێت لەكەش و هەوایەكی پڕ لەئازادیدا نەش و نما بكات , بۆ ئەوەی كارەكان دوربێت لە هەموو جۆرە ترس و لەرزو سەركوت كردنێك و بەتەواوی بۆ خوا بێت , ئەمەش یەكەم هۆكاری داهێنان و ئافراندنە لەمرۆڤدا , چونكە دەروونی بەهەست و ڕێزی مرۆییانەی خۆی دەوره دراوه .﴿ ولقد كرمنا بنی ادم ... ﴾ الاسراء/ 70 , ئەم هەستە لەناخی مرۆڤدا لەگەڵ یاساكانی گەردوندا جۆرە سازیاییەكی لێ پەیدا دەبێت و بەرەو پەسەند كردنی ڕاستیەكان دەیبات ,بەپیچەوانەی زۆر و زۆر لێ كردنەوەكە مرۆڤ بەرەو ڕق و كینەو ڕەتكردنەوەی ڕاستیەكان دەبات, كە ئەوەش ئاكامی زۆر بۆ هاتنی ئەو نارێزیەیە كە بەرامبەر خودی مرۆییانەی دەكرێت . چونكە خوای گەورە زانایە بەوەی كە فیترەت و سروشتی مرۆڤی لەسەر ماف ویستی دروست كردوە , مافیش لەڕوناكیو كەش و هەوای سازی دور لە زوڵم و زۆر نەبێ لەدایك نابێ . بەم جۆرە لەكەش و هەوای ئازادیدا پرنسیپەگشتیەكانی دەكەونە كار و ژیانی ژن و پیاو ڕێك دەخەن و تواناكانیان بەیەكەوە گرێ دەداو و بەرەو داهێنان و خزمەت بەكۆمەڵگە دەیانبات ,هەر بەم جۆرەش ئەم تێڕوانینە جوداكاریەكان بەرەو نەمان دەچێت و برایەتی و كۆمەك كردن جێی دەگرێتەوە و تیۆرو بیردۆزە فكریەكان بەرەو چارەسەری كێشەو قەیرانەكان و سەر لەنوێ دارشتنەوەی سیستمە سیاسیو كۆمەڵایەتیو .... كان دەچنو گیانی داهێنان لە زەمینەو پانتاییە جۆراو جۆرەكاندا دەكەونە كار , دیسانەوە بزاوتی چالاكیو ژیان لە ڕێچكەكانی كۆمەڵگەداو لە هەموو هەنگاو بوارەكاندا دەبزوێ بەرەو مەبەست و ئامانجی بالآ تر بەرێیان دەكات , كە ئەویش دەروازەی بەشداری گشتگیرانەی دور لە دەمارگیری و ململانێ لە بەردەمیاندا دەكاتەوە.

## بەشداری کاراییانە :

### ❀ ئافرەت لەسەردەمی نەفامیدا :

كتێبە مێژوییەكان زۆرێك لە باس و خواسی ژیانی سەردەمی بەر لەهاتنی ئاینی ئیسلامیان بۆ كردوین و هەموو لایەنە سلبیەكانی كۆمەڵگەی نەفامی پێ گەیاندوین، بەڵام شتێكی ئەو تۆیان دەربارەی خوو ڕەوشتە بەرزەكانی كەلەسەردەمی پەیامە ئاسمانیەكانەوە بۆیان ماوەتەوە پێ نەگەیاندوین , هەرچەندە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (إنما بعثت لاتمم مكارم الاخلاق ) .

بەر لەهاتنی ئاینی ئیسلام نموونەی كەسایەتی بەهێزی ئافرەتمان لە(هند) دا بۆ دەردەكەوێت، كاتێك كە بەباوكی وت: من ئافرەتێكم فەرمانم بەدەست خۆمەو لە كەسێكم مارە مەبڕە تادەست نیشانی نەكەیت بۆم نەی بینم, ئەمە بەڵگەیە لەسەر مافی ئافرەت لە هەڵبژاردندا , هەروەها (هند) بەشداری لەئامادە كردنی هێزی سەربازی دژ بەئاینی ئیسلام بووەو هەر بۆخۆشی بەشداری شەڕی ئوحدی كردوە و هانی سەربازەكانی دەدا بۆ تۆڵە سەندنەوەی كوژراوەكانی جەنگی بەدر, لەگەرمەی جەنگیشدا ئەوەی لە یاد نەچوە كە پیلانی كوشتنی ئیمامی حەمزە(خوای لێ ڕازی بێت ) دابنێ , ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر بەشداری مەیدانیانەی ئافرەت لەو سەردەمەدا . هەرچی زیندە بەچاڵكردنی ئافرەتیشە باوو سوننەتێك نەبوە كەهەموان بەگشتی پێی هەستابن و تاكە سیمای كۆمەڵگەی نەفامیش نییە.

نموونەیەكی تری كەسایەتی ئافرەت بەر لەهاتنی ئاینی ئیسلام كە لەهەمان هەل و مەرج و زەمینەدابووە , گەر مەودای تەمەنی ئەوندە بوایە و بگەیشتایە بەم سەردەمەی ئێستا ئەوا بێگومان دەبووە ئەندام لەژوری بازرگانی ئیسلامی

ئەویش (خاتوو خەدیجەیە )یە کە لە بەناوبانگترین بازرگانەکانی مەکەبوەو لەدەوڵەمەنترین پارەدارەکانی سەردەمی خۆیەتیو خاوەنی پلەو پایەو رێزی هەموان بووە , تواناو ئەزمون و لێهاتنی لەپیادەکردنی کاروباری ئابوری بەڕێوەبردندا ئەوەندە زۆر بوە ناوبانگی دەرکردوە , هەر ئەو عەقڵیەتە بازرگانیەش بوە کەلێهاتنێکی تری لە بواری ڕۆحیو ئاین پەروەریدا تیایدا دەرکەوتوە کەبەماڵ و عەقڵ هۆشیارەکەی پشتگیری وەحی خوایی بکات و بەرەنگاری فرت و فێڵە سیاسیەکان و گەمارۆ ئابوریە سەپێنراوەکانی سەر موسوڵمانان بێتەوە ¸ خەدیجە نموونەی ئافرەتێکی خاوەن کەسایەتی بەهێز بووە کە بێگومان خو ڕەوشتە بەرزەکانی پەیامە پێشوەکان دایان ڕشتوەو ئاینی ئیسلامیش بەهێز ترو چەسپاوتری کردوە .

## ❁ ئافرەت لەسەردەمی

### پەیامە ئاسمانیەکاندا :

ئەوەتا ئێمە لەبەردەم عەقڵیەتێکی ناوازەو ئیرادەیەکی بەهێزو حیکمەتێکی باڵا داین , لەشێوازی بەڕێوە بردنی کاروباری دەوڵەتدا ﴿ انی وجدت امرأة تملکهم و أوتيت من كل شئْ ولها عرش عظيم ﴾ النمل/23 ,( بلقيس) شاژنێکی لێهاتوو خاوەن ڕەجاحەتێکی عەقڵی بەهێز بووە، کە بەهۆیەوە توانی تێبگات لەسەردەمەکەیو پەی بەرێت بەو میکانیزمەی لەبونیاتنانی دەوڵەتێکی زلهێزدا بەکار دەهێنرێت. هەروەها ئەوەندە متمانەی بەخۆی بەهێز بوە کەدەوڵەتی لەسەر بنەمای شوراو وتووێژو ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بردوە بەڕێوە ﴿ قالت ياأيها الملأْ افتونى فى أمري ماكنت قاطعة أمراً حتى تشهدون ﴾ النمل/32 , ئەوەش گەلەکەیەتی دوای ڕاگۆڕینەوە، پشتگیریو متمانەی بەهێزتر دەکەنو جەخت لەوە دەکەنەوە کە حوکمڕانی گەلێکی بێ دەسەڵات و پاشکۆو بێ بڕیار ناکات, بەڵکو گەلێکە ئەو پەڕی سەر بەخۆیی لەبڕیارو هەڵوێستیدا هەیە ﴿ قالوا نحن أولوا قوة والوا باس شديد فالأمر اليك فانظرى ماذا تأمرين ﴾ النمل/ 33.

لە متمانەی تەوایان بەحیکمەت و لێهاتووی ژنە میریان بڕیاری کۆتایی بۆ خۆی دەگەڕێننەوە , ئەویش جارێکی تر مەسەلەکەو حەیسیاتەکانیان بۆ ڕون دەکاتەوە و دەڵێت ﴿ قالت إن الملوك اذا دخلوا قرية افسدوها وجعلوا أعزة أهلها أذلة﴾ النمل/34 , خوای گەورەش جەخت دەکاتەوە سەر ڕاستی قسەو دەرك پێ کردنی وەك دەفەرموێت: ﴿ وکذلك يفعلون﴾ . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەشاژنی (سبأ ) شارەزایی تەواوی بەنەفسیەت و هەڵسوکەتی میرەکانی سەردەمی خۆی هەبووەو، هەروەها ڕادەی بڕیارو بۆ چونە وێرانکاری و کاولکاریەکانیانی بۆ گەلەکەی ڕون کردونەتەوە , بۆیە لەڕوبەڕوبونەوەیاندا هەرگیز بڕیاری بەکار هێنانی هێزی چەك نادات .. (سيد قطب ) ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەڵێت: (لێرەدا کەسایەتی ئافرەت لە کەسایەتی ئەم شاژنەدا دەردەکەوێت و ڕەنگ دەداتەوە , بەوەی کە ئافرەت دژی جەنگ و کاولکاریە و چەکی وتووێژی میانجیگەرانە پێش چەکی توند تیژی دەخات) . پاشان (بەلقيس) هەمان هەنگاوی دیبلۆماسیانەی حەزرەتی (سولەیمان) دەگرێتەبەر بۆ دەرخستنی نیەت و ڕاستی باس کراوی ناو پەیامەکەیو، هەروەها بۆ دروست کردنی پەیوەندی دۆستانە لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا ﴿إنى مرسلة اليهم بهدية فناظرة بم يرجع المرسلون﴾ النمل/35, هەنگاوی یەکەم تەواو بوو , ئەوەی بۆ ڕون بووەوە کە ئەم میرە هاوشێوەی میرەکانی سەردەمەکەی نیە پاشان بە بەسیرەت و بەرچاوڕونی خۆی دەیەوێت هەق و ڕاستی بزانێت ﴿ قالت ربى إنى ظلمت نفسي و اسلمت مع سليمان الى رب العالمين ﴾ النمل/44 . ئەمە پرۆسەیەکە پێغەمبەر (سولیمان) ڕۆڵی تێدا بینی و مەبەست تیایدا باوەڕهێنان و پەیوەستی شاژنی (سبأ) و گەلەکەی بوو بۆ خوای گەورە نەك بۆ دەسەڵاتی پێغەمبەر (سولەیمان) خۆی , خوای گەورەش بەوپەڕی پەسەندیەوە ئاماژە بەتواناو حیکمەت و لێهاتوویی بەلقیس

دەكات و وەك ڕاستیەكی مێژوویی و واقعی باس لەكارایی و كاریگەری بنەما ئاینیەكانی پێشوو لەسەر كەسایەتی ئەو ژنە میرە دەكات . هەروەها قورئان باس لە بنەڕەتو چەسپاوەكان لەبنەمای عەقیدەدا دەكات و پێمان ڕادەگەیەنێت كە لە گەلان و نەتەوە پێشوەكاندا ئافرەتانێك هەبوە كەوەحی خوایشیان بۆ هاتووە نەك ئیلهام وەك هەندێك دەستەواژە قورئانیەكان وا لێك دەدەنەوە , هەرچەندە دەستەواژەكە زۆر رون و ئاشكرایە و ڕاستیەكی چەسپاوە ﴿ واوحینا الی أم موسی أن أرضعیه فاذا خفتی علیة فألقیه فی الیم ولاتخافي ولاتحزني إنا رادوه إلیك وجاعلوه من المرسلین ﴾ طه/39 . بۆ ئەوەی ئەم وەحیە ببێتە سەرەتایەكی بەرایی بۆ ناردنی پەیامێكی تایبەت بە (بنی اسرائیل ) , خوای گەورە دایكی موسای هەڵبژارد كە پیادەكارو جێ بەجێ كاری ئەو پەیامە پیرۆزە بپارێزێت و لەزوڵم و زۆر داری فیرعەون رزگاری بكات , ئەم هەڵوێستەی دایكی موساش گەر یارمەتی و كۆمەكی خوای گەورە و ئەو وەحیەیە خواییە نەبوایە ئەوا بێگومان توانای ئەو هەموو ووردەكاریەی نەدەبوو كە بۆ پارێزگاری لەموسا بەكاری بهێنێت . ئەمە هەڵبژاردنێك بوو بۆ كەسایەتی مرۆیی (أم موسی ) بۆ ئەوەی ببێتە نهێنی پارێزی زاتی خوای گەورە ﴿ وجاعلوه من المرسلین ﴾. پاشان ئەو ڕۆڵو ئەرك پارێزییە دەگوێزرێتەوە بۆ خوشكی (موسی) پێغەمبەرو ئەو چیرۆكە كە تەواو دەكات بەگەڕان بەدوای براكەیدا و , تا لە نێوان دەست و چاوی دا م و دەزگا سەركوتكەرەكانی فیرعەوندا دەیدۆزێتەوەو لەدوایشدا ڕێی گەڕاندنەوەی براكەی بۆ ئامێزی دایكی خۆش دەكات.

ئەوانە چەند دیمەنێكی ناوازەن كەكەسایەتی بەهێزی ئافرەتو لێهاتوێتی دەسەلمێنێ لە ناسك ترین كات و گرنگترین ئەركدا كە پاراستنی یەكێك لە پێغەمبەرەكانی خوایە، دوایی دیمەنەكە ڕۆڵی پەیامداری بۆ (ئاسیای كچی مزاحم) ی خێزا نی فبرعەون دەگوێزێتەوە, بۆ ئەوەی ئەو ئەركە تەواو بكات (ئاسیا)ش لەو پەڕی حیكمەت و دانایی و لێزانیدا (موسی) لەدەستی دەست و پێوەندەكانی فیرعەون ڕزگار دەكات ولە چەند وتەیەكی نەرمدا كار لەدەرونە ئالۆزو ستەمكارەكەی فیرعەون دەكات ودەڵێت ﴿ قرةُ عین لي ولك لاتقتلوه عسی ان ینفعنا او نتخذه ولدا ﴾ القصص/9.

وشك نەبونی چاوگەی ژیاریو شارستانیەتەكانو گەلانی پێشوو لە تۆماركردنی ڕۆڵی ئافرەت لەبوارەكاندا بەگشتی بەڵگەیە لەسەر زیندوێتی ئەو ڕۆڵەی كەپێشكەشی كردوە، ئەمەش چەند نمونەیەكی تری بەشدارییەتی لەدابین كردنی گوزەرانی خێزان و ڕادەربڕینیەتی لەكاروباری خێزاندا .

كچانی پێغەمبەر (شعیب) هەڵقولاوی لەچاوگە مرۆییە ڕاستەقینەییەكانن.. ﴿ قالت احداهما یاأبتی استأجره ان خیر من أستاجرت القوي الاْمین ﴾ القصص/26. یەكێكیان ئاماژەی كردو باوكی بەڕاكەی قایل بوو ,چونكە هەڵسەنگاندنی بۆكەسایەتی پێغەمبەر (موسا) لەخۆڕایی نەبوو , بەڵكو دەگەڕایەوە بۆ توانای دەركپێكردن و تێگەیشتنی قوڵی , نا بەڵكو ئەوە تواناو بەهرە بوە كە چاكترین كەس دەستنیشان بكات بۆ هاوكاری ژیانی خێزانەكەی و هەروەها بۆ خودی خۆشی لەداهاتوودا , ئەوەش نمایشێكی بەرزو بەجەرگانەیە لەخواستی ئەو بۆ گرێدانی پەیمانی هاوسەرێتی لەگەڵ پێغەمبەر موسادا , ئەوێك كە ئەویندارى لەپشت پەردەوە لەگەڵ نەكردبێ و پەیوەندی ئەوینی بەدوور لەداب و نەریتی مرۆییانەی لەگەڵدا دانەمەزراندبێ ...., كەواتە مافی ئەوەی هەیە كەهەستی خۆشەویستی لەدەرونیدا بۆ كەسێك هەبێ كە خواستویەتی و دەبێتە هاوسەری . بەردەوام هەڵبژاردنی ئافرەت لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی یەكەمی پەیامی خوایی , هەڵبژاردنێكە لەسەر بنەما مرۆییەكان و بنچینەی بەهابونیان بنیات دەنرێت , گەرنا ئەوا خوای گەورە ئەو تواناو لێهاتوییە پێ نەدەبەخشینو بەدرێژایی هاتنی پەیامە ئاسمانیەكان بەرپرسیارێتی

كاراييانەی نەدەخستە سەرشانیان. ئەوەتا خوای گەورە هەڵیدەبژێریٚو پەسەندی دەكاتو بەپاكو بیٚ گەردی پیٚی دەگەیەنیٚتو دەیكاتە بەڵگەیەك بۆ جیهانیان ﴿فتقبلها ربها بقبولٍ حسن وانبتها نباتاً حسناً وكفلها زكريا ﴾ ال عمران .. ئەوەش فریشتەكانە كەڕاستەوخۆ لەگەڵیدا دەكەونە وتوویٚژ و هەڵبژاردنی خوایی بۆی پیٚ ڕادەگەیەنن ﴿ واذ قالت الملائكة يا مريم ان الله اصطفاكِ وطهرك واصطفاك على نساء العلمين ﴾ العمران/22– 23 .ئەوە ڕۆڵی ئامادەو ڕاهیٚنان و پلان و سەردەرهیٚنان بوو بۆ بوونیٚكی كاراییانەو ئامادەباشی بوو بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیاریٚتیە داهاتووەكانی ئەركی پیٚغەمبەرایەتی (عیسا), بۆیە هەر بە لەدایك بوونی بردی بۆ میسرو لە فیٚڵ و ئازار دوری خستەوە و هەوڵ و كۆششی لەپیٚناودابین كردنی گوزەرانیدا كیٚشاو, هەر بەمناڵی فیٚری كرد و كە گەورەش بوو بەپیٚی شەریعەتی جولەكە بەرەو ئۆرشەلیم بردی بۆ ئەوەی لەو جیٚگە پیرۆزەدا كڕنوش بۆپەروەردگار بەریٚت , دوای ئەوەی كوڕەكەی دەگاتە تەمەنی سی ساڵیو پاش ئەوەی لەئەركی ئامادە كردن دەبیٚتەوە بەلە بارترین ڕیٚ قایل دەبیٚت وریٚی گەیاندی بانگەوازی خوایی وچەشتنی ئەرك و ئازارو مەینەتی ئەو ڕیٚگەیە بۆ كوڕەكەی خۆش دەكات و بەسنگ فراوانیەوە خۆیشی مەینەتی تەنهاییو بیٚ نەوایی هەڵدەبژیٚریٚت.

## خۆبەخشەكانی ڕیٚگای سەخت :

### ۞ خەولەی كچی ئەزوەری كندی :

خەولە بەو پەڕی دامەزراوییەوە بە براكەی وت ( ئەگەر بیٚت و جەنگو جیهاد لەسەر ئیٚوەی پیاوان نوسرابیٚو فەرز كرابیٚ , ئەوا خوای گەورە لە ئیٚمەی قەدەغە نەكردووە بەڵكو لەسەرمان فەرزی كردوە وەك چۆن لەسەر ئیٚوەی فەرز كردوە وەك یەك .خەولە لەجەنگی (صحورا ) بەشداری كردوە , لەگەڵ هەندیٚ لەدەستە خوشكانی بەدیل گیراوە , بەلاٚم بەئازایەتی و لیٚهاتوویی خۆی فیٚڵی لەپاسەوانەكان كردو توانی خۆیو ئافرەتە موسڵمانە دیل كراوەكانیش دەر باز بكات . هەروەها لەو پەڕی ئازایەتی و كارامەیی تواناكانی لەجەنگی (أجنادين ) دا نواند, بیٚ گومان ئاینی ئیسلام بوە كە توانای ئیمانی و ڕاستیەكانی لەدڵی ئەم موجاهدە پەیامدارو ئازایەدا چاندوە , تا بتوانیٚ ئەم ڕۆڵە میٚژوویە تۆمار كراوە ببینیٚ .

### ۞ ئومەیمەی كچی قەیسی غەفاری :

ئومەیمە بەڕیوایەتی فەرمودەكانی پیٚغەمبەر (د.خ) ناوبانگی دەركردووە و بەشداری زۆریٚك لە غەزاكانی كردوە وەك غەزای خەیبەر .

### ۞ دایكی حەكیم كچی حارسی كوڕی هیشام:

بەیعەتی دا بەپیٚغەمبەرو بەشداری لە زۆربەی شەڕەكاندا كردوە وەك شەڕی (مرج الصقر ) و هاوسەرەكەشی تیایدا شەهید كرا , بەو پەڕی ئازاییەوە جەنگاوە، بەتەنها بە كۆڵەكەی دیواریٚك حەوت كەسی لە دوژمنان كوشتوە، عومەری كوڕی خەتاب زۆر بەلیٚهاتوویی و تواناكەی سەرسام دەبیٚ و دەیخوازیٚو دەبیٚتە هاوسەری .

# دابەش كردنی ئەركەكان

كۆمەڵگەی بەشەری چەند ئەڵقەیەكی لەیەك هەڵكێشراون كە پێكەوە كۆی پێداویستی تاكەكانی كۆمەڵ پێكدەهێنێ كە بۆی دروست بوە. ئەم ئەڵقانەش پێویستی بە ڕیزیەندیو ڕێك كاریو گەشەو پەرەپێدان هەیە بۆ دابین كردنی پێداویستیەكانو بەدەمەوە چونی داواكارییەكان. ئەڵقەكان لە یەكەیەكی بەراییەوە دەست پێ دەكات كە لە دامەزراندنو ڕێكخستنیدا دوو ڕەگەزی سەرەكی كە نێرو مێن بەشداری دەكەن، بۆیە جەخت كردنە سەر هەڵبژاردنی ئازادانەی بێ كۆتو بەندو مەرج داخوازییەكی میتودی ئیسلامیە، تا هەریەكەیان بەشێوەیەكی دیموكراسیانەو بە گیانی كۆمەك كاریو دوور لە هەموو فشارو پاوەن خوازییەك بە ئەركی پێكهێنانی ئەو دامەزراوە هەستن كە سەنتەرو كرۆكی كۆمەڵگەی بەشەرییە. بۆ ئەوەی بێ لەمپەر بتوانن چالاكانە ئەوەی لە توانایاندایە پێشكەشی كۆمەڵگەی بكەن.

لەم ئەڵقەی یەكەمەدا ڕۆڵی سروشتیو فیتری هەریەك لە نێرو مێیمان بۆ دەردەكەوێت، كە هەریەكەیان كۆمەڵێك ئامادەگی فیتری بۆ ڕۆڵەكەی خۆی لەلایەن پەروەردگارەوە پێ بەخشراوە، پێكەوەو بەیەكتر بەرەو بازنەیەكی فراوانترو گەورەتر لە خێزان دەیانگوێزێتەوە كە ئەویش بازنەی كۆمەڵگەیە، لێرەدا ڕۆڵێكی تر دێتە كایەو كە ئەویش دەوری كەسایەتو دەستخستنە، كە تیایدا مرۆڤ بەهەردوو ڕەگەزەوە هەوڵی ڕێكخستنو بەسستم كردنی بارە جیاجیاكانو چاكسازی ژیانی كۆمەڵگە بەپێی ئەو پرنسیپە گشتیانە دەدەن كە لەلایەن پەروەردگار هاتوەو هەردوو ڕەگەزی پێ موكەلەفو بەرپرسیار كردوەو، هەموو تەكلیفێكیش لێپرساوێتیەو هەموو لێپرساوییەكیش لێپرسنەوەی قیامەتی لە دوایە.

ئالەم ڕۆڵە گشتیەدا ئامادەییو لێهاتوییە هزریو ئیرادییەكان یەكسانن‌و ژنو پیاو بێ كێشەو ململانێ كێبركێی یەكتر دەكەن بۆ بەدیهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگاریان هەموان هەولی بەرەوپێش بردنی كۆمەڵگەو بەرەپێدانی توانای تاكە كانێتی ﴿ ومن يعمل من الصالحات من ذكر أو أنثى وهو مؤمن فألئك يدخلون الجنة ولايظلمون نقيراً﴾ النساء/124

بەم جۆرە تاكەكانی كۆمەڵگە پەیوەندیەكی توندو تۆڵی خۆشەویستیو یەكترویستی لە نێوانیاندا دروست دەبێ كە لەسەر هەمان تێڕوانینو ماناو بنەماو بەهاو...هتد یەكدەگرنەوە، ئەوەش پەیوەندییەكی فكریو ڕۆحی گرنگەو، تەشكیلەی بونیادی كۆمەڵگە داڕێژراو و بەهێز دەكات.

ئیسلام چەكی چاكسازی كۆمەڵگەی كردۆتە سپاردە لە گەردنی موسڵمانان بەژنو بەپیاوەوەو، هەریەكەشیان بەرپرسە لە جێ بەجێ كردنی ئەو ئەركەو ئەمەش لە دیدگای ئینسانی بونیانەوەیە نەك لەدیدگای ڕەگەزیانەوە ئەمەش گەورەیی ئەم ڕۆڵە گشتیە هەمەلایەنە دەردەخات كە لە ئەستۆی ئافرەتدایەو، كە لەگەڵ لێهاتنو بەهرەكانیشیدا هاوشانە...

ئیسلام مەودای ئەركو لێپرساوێتی ژنو پیاو بۆ هەموو بازنەو ناوەندە ئیداریو سیاسی ئابوریو كۆمەڵایەتیو...یەكان درێژ دەكاتەوەو لەهەموو ئەوانەدا واجبە لەسەر ئافرەت كە چاكسازی بكات، بەتایبەتی چاكسازە لە گۆڕەپانی سیاسیدا لە ڕێی دەزگا پەرلەمانیەكانەوە بكاتو هەروەها لەڕێی ڕێكخراوە میللیەكانیشەوە چاكسازی لە مەیدانە گشتیەكەی كۆمەڵگەدا بكات.

ئەم ڕۆڵەش وادەخوازێ لە ئافرەت ڕۆشنبیر بێو گرنگی بەكارو بارە گشتیەكان تا ئەو ئاستە بدات كە توانای تێگەیشتنی ببێتو لێیان و بەدوای هەلو مەرجە گشتیو قیامەتیەكانیدا بچێتو بەدیلی سەركەوتوو ڕاو پێشنیار پێشكەش بكاتو كارەكانی پێ بەرەوپێش بەرێت ﴿ من لم يهتم بأمر المسلمين فليس منهم ﴾.

کاروباری کۆمەڵگەکان بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری ژنو پیاوو فراوانی ئاسۆی بیری هەریەکەیانو ڕادەی ئامادەییان بۆ دەستخستنی زانستو ئەزموونەکان دەچن بەڕێوە لەهەموو ئەمانەشدا ئافرەت وەك پیاوەو، زۆری بوارە گشتیەکان بەڵگەن لەسەر فراوانی ئەو گۆڕەپانەی کەئافرەت دەتوانێ دەوری خۆی تێدا ببینێو دەستکەوتی دینیو دنیایی خۆی دەست بخاتو پاداشتی یەکسانانەی خۆشیان تێدا دەست بکەوێت.

## ڕێك کاری ڕۆڵەکان:

ڕۆڵەکان بەپێی پلە نەك قورسایی ئەرك ڕێك دەخرێن، زۆرێکیش خەڵك لەوەدا بەهەڵە دەچن کاتێك ماڵداری دەکەنە ئەرکی سەرەکی ئافرەت ، ئەوەش بۆ تێکەڵکردنی چەمکەکانو ئاراستەکردنی (فیقه) دەگەڕێتەوە بە ئاراستەیەك کە ئافرەت وابەستەی ناوماڵ بکرێو بەرپرسیارێتی لەو چوارچێوە تەسکەدا قەتیس بکرێ، ئەمەش  مانای ئەوە دەگەیەنێت کە تێگەیشتنی تەواو بۆ بنەما ئیسلامیەکانو مەبەست لەبەدیهێنانی (وما خلقت الجن والانس إلا ليعبدون) نیە، لەوانەیە لەترسی کەمو کوڕی ئافرەت بەرامبەر یان لەترسی هەڵوەشانەوەی خێزان واتە: لە پێناو (سدي ذريعة) بوترێت کەماڵ کاری سەرەکی ئافرەتەو، ئەوە لەیادکەن کە ئاینی ئیسلام لە بنەماکانیدا ئاتاجی سنوورو کۆت و بەندی سەپێنراو نیە لەسەر گومانو گریمان ، چونکە ئیسلام هەموو ڕۆڵێکی سنور دارکردووە بەکۆمەڵێك مافو ئەرکەوە کە مرۆڤ لە خۆیەوە پێی هەڵدەستێت بۆ نمونە ئافرەت هاوسەرەکەی خۆشی دەوێت، چونکە لەبەر ئاینی پەروەریەکەی هەڵبژاردووەو پێی قایل بووە، هەروەها سەرەوکاری ماڵ دەکاتو تێدەکۆشێت بۆئەوەی خۆی وهاوسەرىو جگەرگۆشەکانی ئاسوودەبن، هەموو ئەمانەش پێویستیەکی سروشتیو فیتری پاڵنەرێتی.

بەڵام دیارە ئەرکی سەرەکیو گەورەو کرۆکی مەسەلەکە بۆ ئافرەت عیبادەتی پەروەدگارە بەمانا شمولیەکەی، بەمەش خاوەنی پەیامێکی مەزنە لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو خێزانیداو ئەم لێپرشسراویەتیەش پێویستی بەکاتو هەوڵ هەیە لەدەستخستنی کردەییو فقهیدا بۆئەوەی بەئەرکی ئەوپەیامە بەشمولیو تەواوی هەستێت، ماڵو خێزانیش تەنها بەشێك یا ئەڵقەیەکی زۆر بچوکی ئەو ئەڵقە گەورەیەیە، جا ئەوەی خەمی هەموان لە کۆڵ بنێت، ئەوا ئەو بەشە لەگەڵ گشتدا گرێ دەدات، بەتایبەتی کە هەوڵدان لە خێزاندا پێویستی بە ماندووبونێکی زۆر نیە، هەرچی مەسەلەی (دووگیانیو پەروەردەکردنو....) هەمووی توانایەکن کە خوای گەورە بە ئافرەتی بەخشیوە ئەو.

## بنەماکانی سیستمی خێزانی

ئەوانەی ژیانی خێزان ڕێکدەخەن بارێکی تایبەتیان هەیە، بەبێ ئەوەی پێچەوانەی یان دژی ئەو پرنسیپە هەمەلایەنە چەسپاوانە بێت کە باسمان کرد، ئەویش سیستمێکە لەگەڵ بنەماکانی ئایندا هەر لە ئازادیو یەکسانیو شوراو بەشداریدا گونجاوەو، لایەنی هاوکاری نێوان ڕۆڵی فتریو موکتەسبی ئافرەتو پیاو تیایدا لەبەرچاوگیراوە، جاپێش ئەوەی بچینە بنەماکانی سیستمی خێزانیەوە پێویستە ئاماژە بەهەڵە خوێندنەوەی بنەماکانی سیستمی خێزانی بەبنەماکانی سیستمی کۆمەڵایەتیشەوە بدەین، هەروەها تێگەیشتنی هەڵە بۆ ماناو شوێنی ئەو ئایەتانەی تایبەتن بە هەندێ مەسەلەی پەیوەندی نێوان ژنو پیاو وەك قیوامەو پلەی پیاو لەسەر ئافرەت .

ئاشکرایە ئازادی لە هەڵبژاردنی هاوسەردا بنەمایەکی ئوصولیەو مافێکی سروشتیە بۆ ئافرەت ، چونکە ئەویش بەرپرسە لە بونیاتنانی ئەو دەزگا خێزانیەدا، دەشبێت ئازادی ڕەهای پێ بدرێت لەو هەڵبژاردنەدا، بۆ هیچ کەسێکیش نیە کە پێکهێنای ژیانی هاوسەرێتی بەسەردا بسەپێنێت بەبێ ئارەزووی خۆی بۆ بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە، هەروەها ئازادیشەلەدانانی هەر مەرجێك لە پەیمانی هاوسەریداو مافی هەڵوەشانەوەشی هەیە گەر پێکەوەبوونو پێکەوە گونجانیان گەیشە بەربەست، بەمەش نەرەئیسو نەمەرئوسیەت، بەڵکو دەزگایەکی دەستتوریە لەسەر بنەمای شورا لەبەڕێوەبردنو پارێزگاری لێ کردنی دامەزراوە، قیوامەش قیوامەی نەفەقەکێشانە بەتەنهاو سیستمی سەرەکی ئەو مەسەلەیەش چەند

مافێکه بەرامبەر چەند ئەرکێك، تەنانەت ئەرکی نەفەقەکێشانی ئافرەت کە لەسەر پیاوە لەبەرامبەر ڕۆڵێکی فیتری ئافرەتەو قیوامەش قیوامەی سالاری ڕەگەز یان پاوان کردنو دکتاتۆریەت ، چونکە پیاو بەڕەزامەندی بەشدارە لەو دەزگایەدا، بەشوراو بەشداری ئالوگۆڕ لە ئەرکو مافەکاندا تیایدا بەردەوامەو، هەموو پرنسیپە گشتیەکان پێکەوە هەمەهەنگن لە پاراستنی بەهای مرۆیی هەریەك لەژنو پیاو، گەر پیاو بە نەفەقەکێشان قیوامەتی هەبێ ئەوا ئەوە تەکلیفە نەك تەشریف، هەروەها ئەرکێکە هەندێ جار لەبەرامبەریدا ئافرەتیش وەك هاوکارێك بەشدارە لە نەفەقەکێشان لەموچەی تایبەتتی خۆی، هەندێ جاریش بەسەلیقەکاری‌و ڕێنمایی، لە پاشاندا هەموو کاروباری ناو خێزان دەچێتە سنوری ڕاوێژو مشاوەرەکردنەوە، پیاویش بۆی نیە تەنها بەبێ بەشداری ئافرەت بڕیار بدات لە کاروباری ئەو خێزانەدا کە ئافرەت هەروەك ئەو بەرپرسیارە لێی، مەسەلەیەکی یەجگار گرنگیش هەیە دەبێت ڕونبکرێتەوە ئەویش مەسەلەی قیوامەیە لە کاروباری پەیوەندیداری نێوان ژنو پیاو لە خێزاندا، کە هەرگیز قیوامە لەسنوری خێزان دەرناچێت.

کەواتە وەك محەمەد ڕەشید ڕەزا دەڵێت : (قیوامەی پیاو لەناوماڵدا شورەوییە نەك ئیستبدادی).

هەروەها لەیەکێك لە پەیامەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیدا داهاتووە(( پەیوەندی هاوسەرێتی پەوەندییەکە بەڕەزامەندی ئافرەت پێکدەهێنرێتو لە بنەماشدا لەسەر شوراو چاکەکاری بنیات دەنرێ‌و پیاویش بەتەنها قیوامەتی ئینفاقی تیایدا هەیە).

هەروەها سعدالدين العُتيماان دەڵێت: ((قیوامەی هاوسەر لەخێزاندا لەوە تێناپەڕێت کە ئەرك بێتو، تێگەیشتن لێشی نابێ لە دوو سنورە بنەماییەکەی شوراو قايل بون دەربچێت)).

بەم پێیە سیستم لەناو خێزانی بەشێکە لە سیستمی کۆمەڵگە بەگشتی‌و هەروەها ئەو پرنسیپە هەمەلایەنە چەسپاوانەی پەیوەندی نێوان خەڵك ڕێکدەخەن، دەبێت هەمان ئەو بنەما چەسپاوانەبێت کە پەیوەندی نێوان ژنو پیاو لە خێزاندا ڕێکدەخەن، کە ئاشکرایە ئەو بنەمایانەش شوراو یەکسانی‌و ئازادی‌و بەشداری‌و....یە، بەمەش ژیانی ئافرەت ڕێکدەبێەوەو وزە روحیەکانی بە سۆزو خۆشەویستی بۆ خێزان، بەفیکرو کاری داهێنانیانە بۆ کۆمەڵگە دەکەوێتە گەر، چونکە ژیان بەهاوکاری‌و سۆز نەبێت ناڕوات بەڕێوە، کەواتە قیوامەت واجبە نەك ماف، تایبەتە بەخێزان نەك کۆمەڵگە سنوردارە نەك ڕەها ﴿ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف وللرجال عليهن درجة﴾ ئەم ئایاتە لە داڕشتنی مەسەلەی تەڵاقدا هاتوەو بناغەی یاسایەکی ئاشکرایەو، پلەکەش پلەی واجب لەسەر پیاوان نەك پلەی سالاری ڕەگەز.

دکتۆر عەبدولواحد وافی دەڵێت: ( ئافرەت لە ئیسلامدا مافی هەیە وەك چۆن ئەرکی لەسەر شانە، هەروەها پیاویش وەك ئەو بەئەندازەی مافەکانی، ئەرکی لەسەر شانە، ئەو پلەیەی خوای گەورەش کە داوێتی بەپیاو ماف نیە بەڵکو ئەرکو واجبە).

لەم ڕوانگەیەشەوە ژیان لەناو خێزاندا مشاوەرەو هاوکاری‌و خۆشەویستیە، ئافرەت ڕێزی هاوسەری دەگرێتو هاوکارێتی‌و پیاویش ڕێزی خێزانی دەگرێتو هەردووکیشیان پاداشتیان هەیە بەرامبەر ئەو هیلاكو ماندوبونەی دەیچێژن لە پێناو ژیانی خێزانیدا، هەردوکیشیان کاردەکەن لەبواری ژیانی گشتیدا، تیدەکۆشن بۆ دەستخستنی دەستکەوت بۆ ڕۆژیی دواییان.

## رۆڵی بینەر:

کەسێك لە ڕێبازی فیقهو ئیجتهاد لەبواری ئافرەتدا بەدواداچونی کردبێت، دەبینێت چەندە لە مافو بنەماکاندا لادانی تێدایەو، چەندە جەخت کردنەوە لەسەر شتی لاوەکی تێدا بەڕادەیەك کە لە مەبەستە ئیسلامیە باڵاکان دور دەکەوێتەوە، لەڕاستیدا بنەما چەسپاوە (قطعی الدلالة)کانی تایبەت بە ئافرەت زۆر روونو ئاشکرانو، فەلسەفەی دروستو بەڵگەداری هەیەو پراوپرە لەگەل مەبەستە باڵا هەمەلایەنەکانی ئیسلامدا، بەڵام ئەو ڕەگەزانەی مرونەتیان هەیە واتە دەقە گۆڕاوەکان کەبواری ئیجتهادو فەتوادانە هەموی دەڕژێنرێنە بابی (سد الذرائع)ـەو، ئەوەش بۆتە هۆی دروستبونی بێ متمانەیی بەخود یادروستبونی ترسێکی زیاد لە پێویست کە مرۆڤ بەرەوە سەلبیەتو دۆگمابونو ڕۆچون لەترسی کەوتنە شوبهاتەوە بەرێ دەکات.

لەڕاستیدا ئەم بابی سدی زەریعەیە دەکرێتەوە کاتێك کە دادەخرێو هەندێ بابی تری پێ تەسك دەکرێتەوە کەهەریەکەیان بنەمایەکی ئیسلامین، کە لەڕەوشتو پەروەردەی ئیسلامیدا خۆی دەنوێنێت، هەروها ئادابە ئیسلامیەکان کە لەناخی بێ گەردی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێتو خاوەنەکەی لەقەدەغەکراوەکان لەبەرخۆشەویستیو ترس لەخوا دووری دەخاتەوە، نەك لەبەر ئەو ضوابطە دەرەکیانەی کەهەندێ فەتوا چەسپاندویەتیو زوڵمو ستەمی داوە بەسەر توانای ئافرەتو ئامادەییە سروشتیەکانی بۆ بەخشینو داهێنان لەهەندێ بواردا، کە ئاتاجی ئەسلەمەکردنە، چونکە بۆشاییەك لەنێوان کاروئامانج دروست دەبێت، لەڕاستیدا موسڵمان کرۆکی ئیسلامەتی کاتێك وەرگرتووە کە بەرهەمو داهێنانی هەر بێتو مەبەستیشی تیایدا بەدیهێنانی روییەك لە دینداری بێت.

لەبەر ئەوەی ئافرەت لەجیهانی ئیسلامیدا ئەوانەی لێ حەرامکراوە کە خوابۆی حەڵاڵ کردووە بۆیە ئەویش لەکاتی نەبوونی تەرحی تەواو بۆ ئیسلامدا ئەوانەی حەڵاڵ کرد کە خوا لێی حەرام کرد، ئاشکراشە حەرام ئەوانەیە بەدەقی (قطعی دلالة) چەسپابێ، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (الحلال ما أحل الله في كتابه والحرام ما حرم الله في كتابه وما سكت عنه فهو مما عفا عنه) رواه ترمذي وإبن ماجة.

ناشزانین لەکوێوە ئەو دەسەڵاتەیان هێناوە کە حەڵالو حەرام بکەن لەکاتێکدا (ومالك فى المدينه) یان فەتوابدەن (وأهل المكة أدرى بشعابها)ن گەر ئافرەتیش توانی فەتوادانی نەبێ خۆ ئەتوانرا ڕاوێژو مشاوەرەی پێ بکرێت هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) لەگەل ئافرەتە مجاهدەکانو ئافرەتە موسڵمانەکانی تر لە سەردەمی خۆیدا مشاوەرەی پێ دەکردن، بەم ڕێڕەوە ئەحکامە ئیسلامیەکانیان تێکەڵ کردو شێواندیانو، بنەمای حوکمە عەقیدەییەکانیان سەبارەت بە ئافرەت زایە کردو، گوتاری هەمەلایەنەو گشتگیریان لەبناغەی شەرعیەتدا لاواز کرد، ئافرەتانیش بۆخۆیان بوونە چەند دەستەو تاقمێك دەستەیەك دورەپەرێزیو ملکەچی بەچاکتر زانیو بەئەدا کردنی هەندێ لە پەرستشەکانو چەند لایەنێکی دینداری قایل بوو هەندێکی تریش دواکەوتوییو نەزانییان پەسند نەکردو ، لەژێرباڵی ژیاری ڕۆژئاوادا بوون بە پاشکۆ. ئاشکراشە کە دەستەی یەکەم پشت بە دەست پێشکەریەکانی کەڵەپیاوانو تازەکەرەوەکان بۆ ئیسلام دەبەستێتو تەنها بەجێبەجێ کردن قایلە بەبێ ئەوەی بەرەنگاری مەسەلەکانی ئافرەتو کۆمەڵگەببێتەوە، تاقمی دوەمیش خەباتی ململانێی پیاوانی خستە ئەستۆی خۆیو داخوازی ئازادییەکی نامەنهەجی وادەکات کە زۆر دوورە لە چاکسازی ڕەگو ڕیشییەوە کە ئەویش خەباتێکی بچوكو لاوەکیە نەك هەمەلایەن، ڕێژە زۆرینەکەی تری ئافرەتانی موسڵمان بەدەست نەزانیو نەخۆشیو هەژاریەوە دەناڵێنن. بەمەش بوونی ئافرەت لەگۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵایەتی لەئاکامی بێ ئەزمونیدا لاواز بوو .

مەرگەساتی زایەبوونی ئافرەت لەنمونەی ڕۆمانی (دەرگا کراوەکە)ی ژنە ڕۆمانوس (لطيفة زيات) دەردەکەوێت، کاتێك دەیخوێنینەوەو دەڵێت: (ئێمە وونین... تێناگەین گەر ئێمە ئافرەتین یا ئافرەت نین) هەروها دەڵێت: (کتێبەکان بە کچ دەڵێن بڕۆ تۆ ئازادی، جا ئەگەر باوەر بکات ئەوا کارەساتە)........ ئەمە لەدەستدانی هاوسەنگی دەروونو زایەبوونی

فكره لەناسینی خودماندا ؟! لەکوێوه هاتوین ؟! بۆچی هاتووین؟! کێ بەرپرسیاره له یاساداناو دەکردنی حوکم بەسەرماندا، له بوونمان له ڕۆڵمان؟! ئەمه مەرگەساتێکی ئالۆزه که تیایدا پاشماوەی عورفه ستەمکارەکانو فیقهی وەستاوو دۆگما لەیەکتر ئالاون ، که دەبوو فیکرو تێڕوانین بەرەو مەسەله ستراتیجیو گەوره سیاسیو ئابوریەکان ئاراسته بکرایه که له هەژموونی ژیارو شارستانیەتی سەپێنراو ڕزگارمان بکات، لەبری ئەوەی کات بەفیڕۆ بدەین لەچەند شتێکی لاوەکیدا که ئافرەتی پێ بەند بکەنو لەجوهدو تێکۆشان دووری بخەنەوه.

## شەریعەت وەحیەو ........ یاساکان فیقهه :-

له شەریعەتی ئیسلامیدا چەندین دەقمان هەیه که بەپێی سەردەم تێگەیشتنو تێڕوانینن له ئاستیدا گەشەی کردووه، هەندێ دەقی گشتیمان هەیه دابەشکراوه، هەندێ دەقی وەهاش هەیه کەدیدو بۆچونەکان له سنورکردنیدا جیاوازن، چەند ئەحکامێکیش هەن که ڕای جیاوازی زۆری لەسەره، ئەدیلەی شەرعیشمان هەیه فوقەها لەڕادەی حیجیەتیان جیاوازن، هەروەها پانتاییەکی گەورەو فراوانمان هەیه کەناوی (المباح و المسكوت عنه)وه که ڕەها کراون یان یاسایەکی تایبەتی بۆ دادەنرێ لەژێر ڕۆشنایی بنەما گشتیەکان یا بەچەند حوکمێکی تر که له عیلەتدا بەشدارن قیاس دەکرێن. ((فتحي عثمان/ الفكر الاسلامي/ ص 113) ئەمانه هەمووی چەند ئامرازێکی فیقی ناوازەن بۆ بەدەمەوچوونی گەشەی کۆمەڵایەتی ، ابن القيم دەڵێت: (ئەحکامەکان دوو جۆرن.... حوکمێك که ناگۆڕێتو هەریەك باری چەسپاوی هەیه، نەبەپێی زەمەن نەزمینه نه ئیجتهاد ناگۆڕێن، وەك پەرستشەکان، حەرامکراوەکان، حدود.......... ئەم جۆره حوکمه گۆڕان بەسەریدا نایەت ئیجتهادی تیادا ناکرێت، جۆری دووەمیش حوکمێکه بەپێی بەرژەوەندیو زەمانو زەمینه دەگۆڕێت .......... وەك (تعزيرات)و ڕەگەزەکانیو سیفەتەکانیو موشەرع بەپێی بەرژەوەندی حوکمی تیا دەداتو ئەم بوارەش زۆر فراوانه). ئاشکراشه که کتابو سونه هەموو ئەوانەی براوتەوه، که ئیجتهادی تیا ناکرێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (الحلال ما أحل الله في كتابه والحرام ما حرم الله في كتابه وما سكت عنه فهو مما عفا عنه) رواه ترمذي وإبن ماجة، هەروها خوای گەوره ئاگاداری کردوینەتەوه لەوەی بەبێ بەڵگه بانگهێشتی حەڵاڵیو حەرامی بکەین.(سعد الدين العثمانى/ فى الفقه الدعوى مساهمه فى التأصيل/ ص 56).

خوای گەوره دەفەرموێت ﴿ ولا تقولوا لما تصف السنتكم الكذب هذا حلال وهذا حرام لتفتروا على الله الكذب إن الذين يفترون على الله الكذب لايفلحون متاع قليل ولهم عذاب عظيم﴾ النحل/116 ، هەوەها دکتۆر صلاح عبدالمتعال له کتێبی (مستقبل التنمية) دەڵێت: (فیقهی ئیسلامی یا یاسا ئیسلامیەکان ئەو کەلتورەیه که مەزهەبه فیقهیەکان بۆمعاملاتو ڕێکخستنی ژیانی دونیا دایانهێناوه، که بەگۆڕینی ژیانی خەڵکیو کاروباریان گۆڕانی بەسەردا دێت...)، هەروها دەڵێت: (شەریعەت ئەوەیه که خوای گەوره وەك مەنهەجێکی نمونەیی ناوازه تەشریعی کردووەو له مەسەله غەیبیەکانو ئلوهیەتو فەرمانەچەسپاوەکان که گۆڕانی بەسەردا نایەت .... ئاگادارمان دەکات). هەروەها دەڵێت : (زانایانی ئیسلام بڕیاریان داوه که شەریعەت دانراوێکی خواییەو فیقهیش وانیه، بەڵکو زانستێکی هەڵگوازراوه بەڕاو ئیجتهاد پێویستی به تێڕوانینو پێداچونەوه هەیه). هەروەها دکتۆر( محمد عماره/ له کتێبی الفقة الاسلامي من عمل الفقهاء) دەڵێت:(... بەڵام فیقهی ئیسلامی وەستێنراو دەرگای ئیجتهاد داخراو لەسەردەمێکدا که چارەی کێشەی دەکردو ڕێگا چارەی تری ئەدە بەدەستەوه بۆیه فیقه نەیتوانی بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کاروباری تازەی موسڵمانەوه بێتو ئیستعابی سونەتی خوایی لەگەشەی کۆمەڵگاکان بکات، بەتایبەتی فیقه لەمەسەلەی ئافرەتدا دۆگما بەڵکو دواکەوتووبوو لەوەی لەسەردەمی

بوژاندنەوەی ئیسلامیدا هەبوو، هەروها ئافرەت خۆشی بەشداربووە لە ستەمکردنی خۆیدا، چونکە عائیشە رۆڵی ئەو لە فیقهو فەتوادا پشتی هەڵکردو ، لە رۆڵی سومەیە لەبوونی ئیمانو عەقیدەی چەسپاودا لایداو .....رازی بوو بە ژێردەستەیی بەبێ ئەوەی جیهاد بکاتو تێبکۆشێت لە پێناو ئافرەتانو پیاوانی بێ پشتو پەنادا).

## حوکمە تەکلیفیەکان:-

حوکمە تەکلیفیەکان بۆ ئەنجامدانی کارێك دەکرێت بە پێنج بەشەوە:-

1- واجب

2- مەندوب

3- حەرام

4- مەکروە

5- موباح

کەواتە هەموو فەرمانێکی خوایی بۆ ئەنجامدانی کارێك دوو جۆرە (واجب و مندوب).

هەموو فەرمانێکیش بۆ ئەنجام نەدانی کارێك هەر دووجۆرە ئەویش (حەرامو مەکروە).

(موباح)یش ڕێپێدراوە، واتە ئازادی لەنێوان ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراوو دراوەتە دەست مرۆڤەکان خۆیان.

هەروەها هەندێ فەرمانی خوایی هەیە بۆ ئەنجامدانی کارێك (عینی)یە هەندێکی تر هەیە( کفائی)یە.

ئافرەتیش وەك پیاوە بەتەواوەتی لە تەکالیفە عەینیەکاندا وەك ئەنجامدانی پەرستشەکان لە نوێژو ڕۆژو حەجو، هەروەها لە ڕەوشتو موعاملاتدا وەك ڕاستگۆیی‌و دادگەری‌و چاکەکاری‌و لەخواترسان.... ، هەروەها لە بواری ژیانی گشتیدا وەك ئارامگرتنو کۆچو.....

هەرچی تەکالیفی کیفائیشە ئافرەت دیسانەوە وەك پیاوە لەم لایەنەشداو دەبێت بە ئەرکی دینداریانەی خۆی هەستێت ، موسڵمانانیش بێ گومان گوناهبار دەبن گەر ڕێی هەستان بەو ئەرکەی لێ بگرن.

## سوکردنی هەندێ ئەرك:

لەهەندێ لە کاروبارە گشتیەکاندا پلەی واجب بوون سوك کراوە خراوەتە پلەی جەوازەوە، یان نودبەوە یان موباحەوە... وەك نەفەقەی خێزان کەلەسەر ئافرەت واجب نەکراوە بەڵکو جائزەو بۆی هەیە کەبەشداری بکات، یان موباحەو دەدرێتە دەست خۆی، هەروەها مەسەلەی شەڕو جەنگاندن کە واجب نیە بەڵکو جائیزە، واتە بڕیاری لەجەنگو هەموو کارێکی موباحدا دراوەتە دەست ئافرەت خۆی، نەك کەسێکی تر ئەو مافەی بۆ دیاری بکات. ئاشکراشە مەبەست لە فیقە ئاراستە کردنو بێگەرد ڕاگرتنی کارو کردە مرۆییەکانە، بۆ ئەوەی بەتەواوی کارەکان بۆ خوا بێت، کە ئەوەش یارمەتی دەری ڕاستەڕێیی مرۆڤو چاکەکردنیەتی، بەڵام لەنێوان ڕەهایی کارو تەسکبوونیدا چەند تەلیسمێکی ئەستور هەیە. بینیشمان بابی (سد الذرائع) چۆن ئافرەتی لەترسی فەسادو خراپەکاری وەلاخستووەو ئافرەتی بێ بەش کردووە لە دینداری ڕاستەقینەو حوکمی پێشەینەی بەسەردا یاوە، بەبێ ئەوەی هێشتا کار بکاتو نمونەیەکی چاك بسەلمێنێ ، هەرچەندە سد الذرائع بەڵگەیەکە لەسەر تێڕوانینو ئاکامی کردەوەکان دەوەستێت، ئەگەر بەرەو بەرژەوەندی چووکە بۆخۆی مەبەستو ئامانجە لەمامەڵە کردنی خەڵکیدا، ئەوا خوازراوە بەئەندازەی گونجاندنی لەگەڵ ئەم مەبەستەدا، گەر ئاکامی کردەوەکانیش بەرەو فەساد دەچوون ئەوا حەرامە بەپێی حەرام بوونی ئەو خراپە کاریە. تێرامان لەم ئاکامانە نابێت بەپێی نیەتو مەبەستی کردارەکان بێت، بەڵکو دەبێت بەپێی دەرەنجامی کارو بەرهەماکانی بێت، بەلام ئافرەت

لەسەر گومان حوکمی پێشینەی داروە بەسەردا، گومانی خراپکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پێبراوە، ئەو لایە ئیجابیە بێگەردەی لێ نەخوێندراوەتەوە کەبتوانێ پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان ڕاست بکاتەوە، وەك ئەوەی بڵێی فەسادو خراپەکردن هەر لە ئافرەتەوە دروست بێت، هەرچەندە ئافرەت گەر بێگەرد بێت کۆمەڵگە بێگەرد دەبێت، گەر ئافرەت ئیستیقامەتی هەبوو کۆمەڵگەش موستەقیم دەبێت، بەڵام بێگەردیو ئیستیقامەت نەبەزۆرو زۆرلێکردنو توندڕەوی دێتە دی، نەبەدەستبەسەراگرتنی بنەما ئیسلامیەکان لە ئازادیو یەکسانیو مشاوەرە کەهۆی سەرەکی کۆکبوونی هەموانو ڕەزامەندی پەروەردگار دێتە دی، نە سانسۆو نەچاودێریو نەیاسا سودی ئەوتۆی هەیە مەگەر بۆچەند حاڵەتێکی زۆر شاز نەبێ، بەڵام بینای تەواو و بێ گەرد کەلەویژدانی موسڵمانو قەناعەتە فیکریەکانەوە هەڵدەقوڵێت ئەوەیە کە ئاینی ئیسلام دەیەوێت کەسایەتی ئافرەتو پیاوی لەسەر پەروەردە بکات، باوەڕداری بەهێز ئەوەیە مرۆڤ لەداری یاسا نەترسێت، باوەڕداری لاوازیش ئەوەیە کە لەخەڵكو یاسا سڵ بکاتەوەو ناخی بەسەریەوە چاودێر نەبێ.

ئەمەش ئەو کۆمەڵگە ژیاریەیە کە خوڕەوشتو بەهای پیاو و ئافرەت لەگەڵ سروشتو فیترەتی مرۆیانەیاندا بەڕێ بکەوێتو، ئیتر ضوابطە فیقهیە توندەکانیش ناتوانێ دەستی بەسەر ویژدانو دڵو خودی خەڵکەوە بەبەردەوامی هەبێت، تانەهی لە گوناهو خراپەکاری پێ بکات، بەڵام دەسەلاتی (خود)ێك کە باوەڕی هێنابێتو خۆی بەرەو خوای گەورە ئاراستە کردبێت مانایەکی دابێ بەژیانو بزانێ کە ئامانجەکانی بوون بە تێکۆشانو هەوڵدان لەسەر ڕووی کەشتیەکی هاوسەنگو ئارام دێتە دی با لە ناوەڕاستی چەندین شەپۆلی توندو گەردەلولی تاقیکردنەوە دنیایەکاندا بێت، دەتوانێ بەسەر خۆیدا زاڵ بێتو لەهەمان کاتیشدا گیانی ئەدەبو خوڕەوشتیش پشتگیری لێ بکات.

## لە کۆتاییدا

ئەوەی مرۆڤ بەرو بەخشینو بەرهەم هەڵدەنی متمانەیە بە پەروەدگار پاشان بەخودو، ڕۆشنی دیدگاو تەواوی مەنهەج، خوازراوەو داواکراو لە ئافرەت ئەوەیە هەموو ئەو وتەو دابو نەریتانە پشت گوێ بخات کە بوونی زەوت کردووەو بەرەو پاشکۆیو کەمو کورتی بەڕێی کردووە، هەروەها دەبێت بە دیلی ئیجابی بۆ کەسایەتی خۆی دابنێو بەوپەڕی عەقڵو هۆشیاریو ئیرادەیەوە خۆی ئاراستەی پەروەدگار بکات کە بەدیهێنەری نێرو مێیەو بوونو کەسایەتی بسەلمێنێو بەدەم ئەوامرە خواییەکان بچێت بەئامادەیی کاریگەرانە بەشداری لە بنیاتنانی کۆمەڵایەتی بەرەو بەدیلێکی ژیاری ئیسلامی بکات، چونکە ژیاری موسڵمانان بە عەقڵی ئافرەتو پیاو بنیات دەنرێو ، تەلاری هەستانەوەو دەستپێشکەریو داهێنان بەنەخوێندنەوەی خو دروست دەبێت.

دەبا ئافرەتانی موسڵمان بەرەو هەڵگرتنی خەمی دروستکردن بنێنو ڕزگاربوون لە ستەمی ناخۆییو جیهان بەڕێ کەون؟؟؟.